ئێران هێرشی کردە سەر چوار پارتی ناڕەزایەتی لە کوردستان



ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە ،سوپای پاسدارانی ئێران لە ڕێگەی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرشی کردە سەر چوار بارەگا و کامپی پارتە بەرهەڵستکارەکانی ناڕەزایەتی کوردستان لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.

بەپێی زانیارییەکان، کاتژمێر حەوت و ٣٠ خولەک تا هەشت و ١٠ خولەکی ئێوارە، مووشەک و فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی خەکوژ بەر بارەگای پارتەکانی کەمەک لە گوندی زگوزگی سەر بە شارەدێی تانجەرۆ لە پارێزگای سلێمانی کەوتوون، لە ئەنجامی ئەم هێرشدا تەنها یەک بریندار هەبووە، بەڵام زیانی ماددی بەر باڵەخانەکان گەیشتووە.

هێروەها فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە ئاراستەی کامپی "زۆیێ سپی"ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرابوو، پێش پێکانی ئامانجەکەی تەقەندرایەوە، ژمارەیەک مووشەکیش کە ئاراستەی بارەگای پارتی ئازادیی کوردستان "پاک" لە شارەدێی پردێ کرابوون، خراپە خوارەوە و نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن.